# تۆڵەی هەڵەبجە، لە دەرەوەی سۆز و کینەدۆزی ناهوشیارانە،
# پێویستی بە بڕیارێکی فرە ڕەهەندە

هەژێن
2007/07/13

وەک پیشەی هەمیشەیی ڕامیاران و نووسەرانی کورد، پاش ڕووداوەکان دەکەون و کاتێکیش کە بەخۆ دەکەون، لە ناچاریدا بێت یا لە دۆشداماندا، بوارێک بۆ ئامادەیی ئاوەز و لۆژیک ناهێڵنەوە . هەموو بڕیارەکان دووبارەبوونەوەی پێشوو دەسەلمێننەوە و هەموو جارێک لە بڕیارەکاندا نەک تەنیا مایەپووچ دەردەچن، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن و سەرەنجامێکی نەشیاو و نەخواستراو بەدەست دێنن.

کاتێک کە 11ی سێپتەمبەر ڕوویدا، زۆرینەی ڕامیاران و نووسەرانی کورد، پێشینەی تیرۆیان فەرامۆش کرد و کەوتنە هاودەردی لەگەڵ سەرانی دەوڵەتی ئەمەریکا و تالیبان و ئوسامە یان لێکردینە کارگی بەهاران و ئەو هەمگە سەرنج و پرسیارانەی لەسەر ڕووداوەکە و توانای خودی ئەمریکا و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتنی باندەکەی ئوسامە بەو ناوەندە گرنگ و بەرچاوانەی ئەمەریکا، کێچێکی نەکردە میوانی ڕامیاران و نووسەرانی کورد، نەک لەبەر ئەوەی لەوانە نائاگا بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی داخوازی و خۆزگەی خۆیان بۆ لەشکرکێشی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە وا گێلی دەکردن. هەر ئەمەش وای لێکردن پاش پەلاماری ئەفگانستان، دەستەو نزا خەون بە هاتنی لەشکری زەلهێزێکەوە ببینن، کە بۆ خۆی سەرچاوەی زۆرینەی تیرۆرە نێودەوڵەتییەکانە و هەر بەخۆشی پەروەردەکەر و گەشەپێدەری گروپە ئیسلامییە تیرۆرستەکانە لە ناوچەکەدا.

ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە کۆمەڵێک بیانووی پووچەوە هاتن و عیراقیان داگیرکرد، ڕامیاران و زۆرینەی نووسەرانی کورد هەلهەلەیان کێشا و ڕای گشتی کوردیان فریودا و بڕوبیانوویان بۆ هاوکاری و پێشوازییەکەیان داتاشی. عیراق داگیر کرا و هیچ یەک لە بەڵێنەکانی ئەمەریکا و هیچ یەک لە پاساوەکانی ڕامیاران و نووسەرانی کورد، ڕاست دەرنەچوون. سەدام حوسەین گیرا و دادگایی کرا و هیچ یەک لە ئامانج و خەونەکانی چەوساوانی کورد، قوربانیانی کورد نەهاتنەدی و لەگەڵ لە سێدارەدانی سەدام، ئەوانیش لە سێدارەدران، لەگەڵ لەبیرکردنی سەدام، ئەوانیش لەبیرکران و لەبیر دەکرێن.

پاش ئەو لێشاوە لە سەرنج و ڕەخنەی تاکە هوشیارەکانی کورد لە دەسەلات و پارتە کانی کورد، لەلایەک پارتە فەرمانڕەواکانی کورد دەیانەوێت دادگایی (عەلی حەسەن مەجید) بکەنە بەردەبازێک و خۆیانی پێ قوتار بکەن، لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی شیعە نایانەوێت هێندەی تر قوڕەکە بۆخۆیان خەستکەنەوە و ئەو هەڵەیەی کە لە سێدارەدانی سەدام دا پێیهەستان، جارێکی دوبارەی بکەنەوە. چونکە ڕای گشتی جیهانی لەگەڵ سزای سێدارەدا نییە و لە سێدارەکانی دیکتاتۆرێکی وەک سەدام، شیعەکانی لە چەوساوەوە کردە خێڵێکی درندە، خێڵێک کە هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ واقیعەتی دونیای هاوچەرخ نییە و ڕەهەندی ڕووداوەکان نابینن.

ئەگەر بە وردی لە سزای سێدارە وردبینەوە، ئەوا بۆ تاوانبار ئاسودەییە و بۆ شوێنکەوتووانی لە سێدارەدراویش پیرۆزکردنی سیمبولەکەیان و بۆ قوربانیانیش فەرامۆشکردنی ئازار و کارایی بەردەوامی ئازارەکانیان لە ڕەوتی ژیانیاندا. کەسانێک کە لایەنگری لەسێدارەدانن، سۆز و هەڵچوونی کاتی، کە ڕەگیان

له بیرکردنەوە و تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکیدایە، پاڵیان پێوە دەنێت. چونکە تاکی خێڵەکی هیچ وردکردنەوە و لێدانەوەیەکی بۆ شایستەکردنی قوربانییەکانی نییە و تەنیا خوێن و خوێن لەبەرامبەریدا دەبینێت. ئەو خوێندنەوەی بۆ ئەگەرەکانی ژیانی قوربانییەک نییە و ڕەهەندەکانی تۆڵەسەندنەوەش نابینێت. لەناخی ویدا ئەژدیهایەکی هەزار سەر هەیە و تەنیا تینوویەتی بەخوێن دەشکێت و هەموو چێژەکانی بەردەوامی ژیان و ئارامکردنەوەی ئازارەکانی لەو ساتەی تۆڵەسەندنەوەدا دەبینێت. ئەمە بۆ خۆی نەک تەنیا تێنەگەیشتنە لە شایستەیی قوربانیان، بەڵکو تێنەگەیشتنە لە تۆڵەی بەردەوام لە هەڵگرانی توخمی توندوتیژی و دیکتاتۆری.

هەرچەند لەسەروبەری گرتنی (سەدام حوسەین) دا لەم بارەوە قسەی خۆمم کردووە، بەلام کاتێک کە دەبینم ناوەندێک بەناوی بێلایەنی و نووسەرانێک بەناوی بەرەی جەماوەرەوە داوای لەسێدارەدانی (عەلی حەسەن مەجید)ن لە هەڵەبجە دەکەن و سوکایەتیش بە نووسەرانێک دەکەن، کە لەبری تۆڵەی خێڵەکی و کورتبینی و سۆزاوی بوونی بڕیارەکان، خوازیاری تۆڵەی بەردەوام و ڕیشەیی و شایستەن لە تاوانباران. ئیتر ناتوانم بێدەنگ بم و بەبەرچاومەوە لاوانی شارەکەم بۆ تۆڵەی خێڵەکیانە – کە تەنیا کاردانەوقەیەکی خێڵەکیانەیە لەبەرامبەر توندوتیژییەکی ڕگەزپەرەستانەی دیکتاتۆرانی خێڵ– هانبدرێن و هەموو داخوازییەکانیان لە ملپەراندنی دیکتاتۆرێکدا بچووک بکەنەوە و بیست ساڵ ئازار و کۆستی ئازیزانیان لەگەڵ مەرگی دڕندەیەکی وەک (عەلی حەسەن مەجید) دا بەخاک بسپێرن. ئەمە بێجگە لەوە کە لاوان و ئازارچەشتوانی شارەکەم لە چرکەساتی لەسێدارەدانی کەسێکی دڕەندەی وادا، وێنای چەوساوەییان لەدەست دەدەن و لە ئاوێنەی تێرامانی رای گشتی جیهانیدا وێنای ئەو دڕندانەیان لێدەنیشێت، کە لە ئەفگانستان (نجیبالله)یان هەلواسی، هەرواش تاوانبارێکی وەک  عەلی حەسەن مەجیدیش لەوپەڕی دڕندەییەوە کردەوەکانی لەبیر دەکرێن و دەبێتە بەستەزمانێک بەدەست تۆڵەخوازانێکی خێڵەکییەوە.

با ساتێک وێنەکانی سەدام لە کاتی لە سێدارەداندا بێنینەوە بەرچاوی خۆمان، چۆن مرۆڤ سەرەرای تاوانباربوونی دیکتاتۆرێکی وا، کەچی لە سێدارەدەرەکان و ئەوانەش کە هەلهەلەیان دەکێشا، بێجگە لە وێنای مرۆڤی نەخۆش و کاڵفام و بیرتەنک، هیچی تریان لە خۆ نیشان نەدەدا. من پێم وانییە خەڵکی هەلەبجە لەبەر ئەوەی کە سەدام لەسەر کیمیابارنکردنی ئەوان لە سێدارە نەدرا، بۆیە خەمگین و سەرسام بوون. بەڵکو لەو ساتەدا فەرامۆشکردنی خۆیان هاتە بەرچاو و دەرکیان بەوەکرد کە ئازاری ئەوان لە چەند خولەکێکدا لەبیر دەکرێت، ڕێک ئەو خولەکانەی (سەدام حوسەین)یان تێدا لە سێدارە درا. هەروا پێموایە ئەوانەی لایەنگری لەسێدارەدانن، ڕێک وەک ئەو پێشمەرگانە وان، کە ڕۆژانێک لە پرسگەکانی رژێمی بەعسدا سوکایەتیان پێدەکرا و هەر لە دوای راپەرینەوە یەکسەر بەخۆیان کەوتنە سوکایەتی بە خەڵکی. ئیتر ئەمە ئامێتەبوونی ئاوەزی چەوساوە و چەوسێنەرە لە چرکەساتێکدا، کە سۆز و هەڵچوون تێیدا بڕیار دەدات.

پێموانییە هیچ یەک لەو نووسەرانەی کە لە سۆنگەی بەرژەوەندی جەماوەرەوە –نەک سۆنگەی بەرژەوەندی دەسەڵاتەوە– دژی تۆڵەی لە سێدارەدانی (عەلی حەسەن مەجید)ی تاوانبارن، خوازیاری ئازادبوونی تاوانبارگەلی لەو چەشنە بن. ئێمەی قوربانی دەبێت داوای شێوە تۆڵەیەک بکەین، کە هەم پڕبە پێستی تاوانێک بێت، کە بەرامبەرمان کراوە، هەم ڕێگربێت لەبەردەم ڕوودانەوەی تاوانگەلی وا. ئەگەر بە وردی سەرنجی مێژوو بدەین، ئەوا پڕە لە کەوڵکردن و لە سێدارەدان و سوتاندن و هەڵواسین و سەرپەراندن، کەچی تادێت تاوانبار و دیکتاتۆر فرەتر دەبن و قوربانیش بێ هەژمارتر. ئایا ئەمە بۆ تێرامان و هەلوێستەکردن بەست نییە؟ ئایا ئاوەزمان لەبەردەم وەها پرسێکدا هێندە لاوازە نەتوانێت شێوازێکی گونجاوتر بۆ تۆڵە لە تاوانباران بدۆزێتەوە؟

بەڕای من، ئەگەر بمانەوێت بە سەرنجامێکی پۆزەتیڤ بگەین، وەلامەکە نەخێرە. بۆ تێگیشتن لەمەش سەرەتا پێویستە لەوە بگەین، کە ئەنفال و کیمیاباران بریاری تاکەکەسی (سەدام حوسەین) یا (عەلی حەسەن مەجید) نین، بەڵکو لە پێش هەمووانەوە بڕیاری دەسەلات و پارتێکی سیاسین، ئەوسا بەرەنجامی هاوپشتی و بێدەنگەی زلهێزە جیهانییەکان و دەولەتەکانی ناوچەکەن، دواجار زەمینەخۆشکردنەکانی هێزە چەکدارەکانی بۆرژوازی کورد بە هاوکاری ئێران و ئامێتەکردنی کێشەی کورد و بەعس لەگەڵ شەڕی عیراق– ئێارن. هەر بۆیە بە لەسێدارەدانی چەند تاکێک، نە تۆڵە سەندراوە و نە ئاوڕێکیش لە قوربانیان دراوەتەوە. ئەگەر بریاریش بێت هەر لەو شارەدا وەک سیبولێک بۆ شارەکە شتێک بکرێت، ئەوا یەکەم دەبوو خەلکی هەلەبجە خوازیاری دادگاییکردنی تاوانباران لەو شارەدا بن. دووەم، دەبوو پێش دەرکردنی هەر بریارێک تەواوی ئەو دەولەت و هێزانەی کۆمەکیان بە ڕژێمی بەعس یا بێدەنگەیان بەرامبەر تاوانەکانی بەعس کردووە، دان بە هاوتاوانی خۆیاندا بنێن و داوای لێبوردن لە دانیشتوانی ناوچە ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانکراوەکان بکەن. سێیەم، دەبوو ڕژێمی ئێستای عیراق بە فەرمی جینۆسایدی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعس و بەناوی عروبەوە بناسێت و ئەو ڕۆژانە بکاتە یادێکی فەرمی لە عیراقدا و قەرەبووی زیانە مادیی و مرۆییەکان بکاتەوە و هەنگاوی یەکەمیش هەم ژینگەی ئەو ناوچانە پاک بکاتەوە و شار و شارۆچکە و گوندەکان ئاوەدان بکاتەوە، هەم شوێنەوارەکانی ئەو تاوانگەلە بناسێنێت، لەوانە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی نێو بێابانەکان، خستنەرووی لیستی کیژۆڵە فرۆشراوەکانی گەرمیان و بادینان بە دەوڵەتە عەرەبییەکان. ئەوسا دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی لە هەڵبجەدا و سزادانیان بە بەندکردنی هەتایی هەر لە هەلەبجەدا یا بەندکردنیان لەگەڵ کاری زۆرەملێ بە درێژایی تەمەنیان لەهەلەبجە دا و دەشکرا ئەو کارە خاوێنکردنەوەی زێرابەکانی هەلەبجە بێت. هەروەها دەکرا لەبری باخی ئاژەڵان لە هەلەبجە زیندانی ئەو تاونبارانە بکرێتە شوێنی سەرگەرمی و منالانی هەلەبجە بەیانی تا ئێوارە هاوهویان لێ بکەن.

پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە مەرجی بەسەرەنجامگەیشتنی هەر هەولێک، هەڵخڕاندن و هێنانەمەیدانی جەماوەرێکە کە خاوەنی ئەو داخوازییانەن. بۆ ئەوەی جەماوەر متمانەی بە دڵسۆزی و لێبڕاوی هەولەکان هەبێت، پێویستە هەر کۆمەڵ و ناوەند و تاکەکەسێک کە لەو پێناوەدا دەستبەکار بووە و دەبێت، ڕیزی خۆی لە ڕیزی دەسەڵات و توخمە دەسەلاتخوازەکان، کە هەردەم تێکۆشانی جەماوەریان وەک بەردەبازێک بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە ئامانجە دژە جەماوەرییەکانیان بەکار بردووە، جیا بکەنەوە. بەیاننامە و بانگەوازی بێ هەنگاوهاویشتن و دەربڕینی سۆزی نووسەرانە بەبێ هەڵخڕاندنی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان، هیچکات نەیتوانیوە خۆزگەیەک بکاتە کەتوار، هیچکات نەیتوانیوە هەوڵە دژەخونییەکانی دەسەلات و دەسەلاتخوازان بەرامبەر جەماوەری ستەمدیدە ناکارا بکات!

ئایا بەندکردنی هەمیشەیی تۆڵەیە یان لە سێدارەدان؟ کامیان ڕەهەند و کارایی لە سارێژی برینەکانماندا هەیە؟

بەرای من نەک تەنیا لە سێدارەدانی تاوانبارگەلێکی وا، دەبێتە هۆی رزگارکردن و ئاسوودەکردنیان و سێدارە شوێنی گوللەی بەزەیی دەگرێتەوە، بەڵکو تۆڵەی کوشتن و بڕینیش دەکاتە ڕێسا و یاساییەکی باو لە کۆمەڵدا و زەمینەی بەردەوامی ئەم سزایە لە سایەی دەسەلاتدارە دیموکراتەکاندا ساز دەکات و دەبێتە شتێکی ئاسایی و سبەینێ وەک ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ دەستە دەستە لاوانی هەلەبجە لەلایەن پێشمەرگەکانی پارت و دەسەلاتەوە گوللەباران دەکرێن. ئەمە بێجگە لەوەی، ئەوانەی کە بڕیارە پەتی سێدارە بکەنە ملی تاوانبارێکی واوە،

بەخۆیان دەستییان لە ئەنفال و کیمیابارنی هەلەبجەدا بەجۆرێک لە جۆرەکان هەیە و مێژووی ئەو رووداوانە هێندە نزیکە نەک لە بیری بەسالاچوانی هەلەبجەدا بەڵکو لە بیری لاوانی ئەم شارەدا هێشتاکە وێنای پێشمەرگە و پاسدار و فرۆکەکانی بەعس زیندووە! هێشتا هاوار و شات و شیڕی تەلەڤزیۆنەکانی عیراق و ئێران و ئێستگەی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوێماندا دەزرنگێتەوە، کە هەواڵی گرتنی هەڵەبجە و سەرکەوتنیان بە گوێماندا دەدا! ئەگەر بڕیار بێت تۆڵەمان لە سێدارە بێت، ئەوا پێویستە زۆرێک لە بەناو شەهیدەکانی پێشمەرگەش زیندوو بکەینەوە، تا لە تۆڵەی هەلەبجەدا لە سێدارەیان بدەین!

هەروەها وەک خستمەڕوو، لەسێدارەدان بۆ تاوانباران تەنیا دەتوانێت گوللەی بەزەیی بێت و بۆ قوربانیانیش شێواندنی وێنای چەوساوەییان و بەهیچکردنی ئازار و خەمەکانیان و سڕینەوەی کارەساتەکان لە یاداوەریدا! بۆیە پێویستە جەماوەر بەوە هوشیار بکرێتەوە، کە لە خوێنڕشتن و ئەتک و ترساندن دوورکەونەوە و لە هەوڵی سڕینەوەی کوشتن و سێدارە و راونان لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانیدا بێت. ئەمە مەرجی ئاسودەیی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی تەندروستە، پێچەوانەکەشی گەڕانەوەیە بۆ باوەشی چاخە تاریکەکانی مێژوو.